www.kurdistannet.org
29-10-2006 6:36بەكاتی ناوەندی ئەوروپا

# قا ژەی فەلەک ... بەڵێن ڕەواندوزی

فەلەك پێ ی ووتم بۆ گۆڕ
مەرگ ئەتگرێ بێ تۆڕ
خاك و ڕۆژیشت دوورن
لەتیشكی مانگ و لەخۆر
منیش پێم ووت لەناوچوون
لەگووم بوونا بۆ نەبوون
ئەبێ جیاوازیان چی بێ
لەسەر یان لەژێر خاك بوون
ووتی دەسا بی چێژە
نەمامی خەم بنێژە
هەتا لەدونیا ماووی
فرمێسك بەشتەبڕێژە
ووتم چی ماوەنەی كەی
بێ ڕەحمی وا تاكو كەی
جەرگ و دڵمت داڕزان
لەبار نەما لەتیان كەی
جا ووتی بەنووكەنووك
بەسەرتا ناهێڵم تووك
خۆشیت ئەدەم بەتۆرا
خەمت بۆ ئەكەم بەبووك
منیش ووتم بێ هۆشم
كەی خۆشیم دیووی بنۆشم
ئیترچاوەڕێ ی چی بم
چیت بۆ هێشتم بی پۆشم

ناوی خودای لێ بێنە
بەمەردی گورج بوەشێنە
كرنووش بۆ ژیانێك نابەم
كەخۆری تیا بێ تێنە

bellen 3@hotmail. com